كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
3-9-2007 22:55بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**با زەکات و سەرفیترەی ئەمساڵ بۆ حکومەت بێ؟ ... حەیدەر جەمیل**

لە دوو مانگی ڕابردوودا بینیمان حکومەتی هەرێم کۆرسە بڕیارێکی دەرکرد، کە هەمووی بە ئاقاری تەقەشوف و نەبونیدا دەڕۆیشتن، هەر لە کەمکردنەوەی سەنتەر و ڕێکخراوەکان و بڕینی مووچەی ڕێزلێنانەکان و کەمکردنەوەی خەرجی وەزارەتەکان و ... هتد.

کاتێك ئەو بڕیارە یەك لەدوا یەکانەی دەبینی، لێت تێکدەچێت، ئاخۆ ئەوە کۆمپانیایەکە ئیفلاسی هێناوە و دەیەوێ بەهەر جۆرێك و لەسەر حیسابی هەر لایەك بێت خۆی لەو وەزعە دەرباز بکات، یاخود حاڵی حکومەتێکی بێ بەرنامەیە لە خەرجکردن و وەرگرتندا، نەگبەتی لەوەشدایە کە ئەو تەقەشوف و نەبوینیە لە زەمەنی یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکە ڕووی لە حکومەت کردەوە، وەك بڵێی یەکگرتنەوە سەرێکی لە نەبوونیدایە.

هەڵمەتەکانی تەقەشوف وەك هەڵمەتەکانی تیمی نەهێشتنی تەجاوزاتی کارەبا وایە، خۆی لە هەموو شتێك نادات، ئەو بەدوای تەقاعودی فەرمانبەرێکی بەتەمەنە، یانیش ڕاگرتنی گۆڤارێکە، دەنا دەستخۆشی لە کڕینی شوققەکانی زەکەریا دەکات، هەروەك لەگەڵ هێنانی هونەرمەندانە لە دەرەوەی وڵات تاوەکو لە زەمەنی تەقەشوفدا دڵی گەنجان خۆش بکات "لە ڕۆژی لاواندا".

ئەو تەقەشوفە لە دەرەوەی بازنەی کۆمەڵگایە، لەسەر ویست و پێداویستیەکانی کۆمەڵگاوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو لە بێ بەرنامەییەوە هاتۆتە بوون، کەس چاوەڕێی ئەوە نییە کە بەهۆی ئەو تەقەشوفە گوزەرانێکی تۆزقاڵێك مۆدێرنانە بۆ خەڵکی دابین بکرێت، کە هیچ نەبێت تۆزێك بۆنی دنیای هاوچەرخی ئەمڕۆی لێبێت.

ئەوەی گرنگە ئەمڕۆکە تەقەشوفی تێدا ئەنجامبدرێت ئەو دونیایە بارەگا و لەشکرە حیزبییەیە کە لە هەموو کۆڵانێکی ئەو وڵاتە دابەش بوونە، خۆ نیوەی ملیۆنە مووچەخۆرەکەی هەرێم فەرمانبەری حکومەت نەبوون، بەڵکو کورە قارەمانەکانی حیزب بوون، تەقەشوف لەو کاتەدا ئامانجەکانی خۆی دەپێکێ کە ئاراستەیەکی تەندروستی هەبێت و بە بەرنامەیەکی تۆکمە هاتبێتە بوون، ئەگەرنا تەقەشوفیش گەندەڵی لەگەڵ خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە، کە لە خوا بەزیادبێ ئێستاکە ئێمە غەرقی داوەکانی گەندەڵین..

ئەگەر مەبەست لە تەقەشوف ڕاستکردنەوەی دۆخی بودجەی هەرێم بێت، با لەو کەلێنانەوە دەستپێبکەن کە بە لێشاو پارەوپولی لێوە (فت) دەبێ، ئەو کەلێنانەش هیچ دەزگایەکی سیخوڕی نایەوێ تا کەشف بکرێن، با ئەو تەقەشوفە لەسەر حیسابی فەرمانبەرانی ڕاستەقینەی ئەو وڵاتە نەبێت، ئاخر ئێستاکە لە بوونی هەر هەواڵێکی تەقەشوفیدا تا و لەرز دەیانگرێ، نەوەك خوانەخواستە بەر ڕەحمەتی ئەو بەرەکەتە کەوتووبن.

ئەگەر هەر وەزعی بودجە چاك نەبێتەوە، بە نزیکبوونەوەمان لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز شانسێکی دیکە دەست حکومەت دەکەوێت، ئەویش زەکات و سەرفیترە کۆبکاتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.